سرك كمار: عراق خوازیاری پیوندی پتو لگ واتانی دراوس و جیهان بشویك ك برژوندی هاوبش مسگربكات

سرك كمار د.لتیف جمال رشید دوپاتیكردو، سقامگیریی عراق لووی ئاسایشو، بناغی بنتیی ب گشپدان ل هموو ئاستكاندا.

نوسیگی راگیاندنی سركایتی كمار ل بیانامیكدا رایگیاند:-ئم دووشمم 6-5-2024 سرك كمار ل كشكی بغداد پشوازیكرد ل ژماریك شرفكاری سیاسی و ل سرتای دیداركدا دوپاتیكردو، ك سركایتی كمار دیدار و وتووژی همچشن لخدگرت ب گیشتن ب چارسر ب پرس هپسردراو جراوجركان، ل دیارترینیان یكلاكردنوی پرسی هبژاردنی سركی ئنجومنی ونران و پتوكردنی پیوندییكانی نوان حكومتی فیدرای و حكومتی هرمی كوردستان. ئاماژی بوشكرد، ك پویست هزسیاسییكان دیدگاكان ل نوان خیاندا یكبخن و هر ئاستنگك تپنن، ك رگری بكات ل گیشتن ب چارسری لژیكی و كتایی ب زرك لو پرسانی روبوی وات دبنو.

هروها باسی ل چالاكییكانی سركایتی كمار كرد، ل پشكشكردنی كمك رشنوسی یاسا ب ئنجومنی ونران، وك رشنوسی یاسای ئنجومنی بای ئاو، رشنوسی یاسای همواركردنوی بیاری ئنجومنی هوشاوی سركردایتی رژمی لناوچوو سبارت ب زوتكردنی موك، رشنوسی

یاسای دەسەڵاتی باڵای پاڵپشتیکردنی ژنان، ڕەشنوسی یاسای هەموارکردنەوەی یاسای ماددە هۆشبەرەکان و کارتێکەرە دەروونییەکان، ڕەشنوسی یاسای گەڕاندنەوەی داهاتی گەندەڵی، بەمەبەستی پەسەندکردنیان بەوپێیەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە پێداویستییەکانی هاووڵاتیانەوە هەیە.

هاوکات سەرۆك کۆمار ئاماژەی بەوەدا، سەرۆکایەتی کۆمار نامەیەکی زۆری لە بنەماڵەی دەستبەسەرکراوەکانەوە پێگەیشتوە، کە پشتڕاستیدەکەنەوە سەرەڕای کۆتاییهاتنی سزای دەستگیرکراوەکانیان، بەڵام ئازادنەکراون، لەڕوانگەی ڕۆڵی سەرۆکایەتی کۆمارەوە، لیژنەیەک لە نوێنەرانی سەرۆکایەتی کۆمار، وەزارەتەکانی ناوخۆ و داد و ئەنجومەنی باڵای دادوەری و ڕاوێژکارێتی ئاسایشی نەتەوەیی پێکهێنرا و پاش چەندین کۆبونەوە، دەرئەنجام ئازادکردنی نزیکەی (٩) هەزار لەو دەستگیرکراوانەی لێکەوتەوە.

سەرۆك کۆمار رونیکردەوە، کە عێراق پەیوەندی سیاسی و ئابوری بەهێزی هەیە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و جیهان و هەمیشە هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەموولایەك بەهێزتربکات، بەشێوەیەك کە بەرژەوەندی هاوبەش مسۆگەربکات و ئاسایش و سەقامگیری پەرەپێبدات.

سەرۆك کۆمار ئاماژەی کرد بە گرنگی ڕۆڵی شرۆڤەکارانی سیاسی و پسپۆڕانی کاروباری عێراق و ڕادەی ئەو بەرپرسیارێتییە نیشتمانییەی لەسەر شانیانە لە خستنەڕووی بیرۆکە و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ قەیرانەکان.

لە بەرامبەردا شرۆڤەکارانی سیاسی پێزانینی خۆیان بۆ هەڵوێستەکانی سەرۆك کۆمار و بەدواداچوونی بەردەوامی بۆ پرسەکانی هاووڵاتیان دەربڕی و جەختیان لە گرنگی کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێزیان کردەوە بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕا و بیرۆکە لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا.